بارزانی و عامری جەختیانکردەوە لە گرنگیی بەهێزکردنی دیالۆگ و لێکگەیشتن لێنێوان هەموو لایەنە عێراقییەکان

ئەمە چوارشەممە ، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، وهادی عامری ئەمینداری گشتی رێکخراوی بەدر جەختیانکردەوە لە گرنگیی بەهێزکردنی دیالۆگ و لێکگەیشتن لێنێوان هەموو لایەنە عێراقییەکان.

لە راگەیەندراوەکدا سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت، لە دیدارەکەی نێوانیان، باسیان لە دواین پێشهاتە سیاسییەکان و ڕەوشی گشتیی وڵات کرد، هەروەها پرسە هاوبەشەکانی نێوان حکوومەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان و پێیوەندییەکانیان بە جۆرێک کە بەرژەوەندیی نیشتمانی دەستبەر بکات، خستەبەر باس.

بەگوێرەی راگەیەندراوەکە، هەردوولا جەختیان لە گرنگیی بەهێزکردنی دیالۆگ و لێکگەیشتن لێنێوان هەموو لایەنە عێراقییەکاندا و کاری هاوبەش بە دەستبەرکردنی سەقامگیریی وڵات و چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسەردراوەکان بە ڕێحی هاوکاری و هاوبەشیی نیشتمانی کردەوە.

دەشێت: هەردوولا باسیان لە دەخی وەات و گرنگیی پارێزگاریکردن لە یەکەیزیی نیشتمانی بە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگارییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان کرد.

ڕاگەیەندراوەکە باس لەوەشدەکات، نەچیرڤان بارزانی گرنگیدانی هەرەمی کوردستانی بە بەردەوامیی هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ هەموو هێزە نیشتمانییەکان لە عێراق دووپات کردەوە؛ و جەختی لەسەر گرنگیی پشتگیریکردنی هەوڵەکانی حکوومەتی فیدراڵ کرد لە بەدیهێنانی ئاسایش و سەقامگیری و بەهێزکردنی هاوبەشیی نیشتمانی کە لە بەرژەوەندیی تەواوی وڵاتدایە.